# نارەزایەتی هونەرمەندان بەردەوامە

"نارەزایی ئێمە لەسەر یەکگرتنەوە یان یەکنەگرتنەوە نییە، بەڵکو لەسەر ساڵانێکی درێژە لەگەندەڵی و بێهەڵوێستی و ناکارایی رێکخراوە هونەرییەکان" .

یەکەم ساتی رووبەڕوبوونەوەمان لە گەڵ کاربەدەستانی ناو بارەگای هونەرمەندان دا وا دەستی پێکرد، سەرۆکی رێکخراوەکە بە هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەرگای بەڕوی هونەرمەندانی ناڕازی داخست و رازی نەبوو بچینە ناو بارەگای رێکخراوەکەوە. سەرۆکی رێکخراوەکە دەیویست ئاراستەی هەڵوێستوەرگرتنەکە بەرەو توندوتیژی بەرێت،کەسێکی دەستنیشان کرد کە ئەو بەهیچ شێوەیەك نابێت بێتە ژورەوە، پاڵی بە کەسێکی ترەوە دەنا و تا گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی ئەوە بکات کە "دەتاندەمە دادگا دواتر کەس نەپارێتەوە"

پاش وەرگرتنی یاداشتنامەکە ئەوان هەڵوێستی خۆیان لە سەر تەنها هەواڵی سایتێکی ئینتەرنێت بنیاتدەنا وقسەی خۆیان دەکرد و گوێیان لە کەسی تر نەدەگرت و شوێنەکەیان جێدەهێشت. کەچی لە بەرامبەر ئەوەدا لە بەیاننامەیەکی پڕ هەڵەی زمانەوانی و بەپەلەنوسراودا باس لەلۆژیکی گفتوگۆیەك دەکەن کە لە سەرەتای سەرەتاوە رەتیانکردەوەودواتریش لە سەر هەڵوێستەکەیان بەردەوام بون. ئەو بەیاننامەیەی دواتر بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی دەدەینەوە.

لە ماوەی (48 کاتژمێر)ی رابردودا، هونەرمەندانی ناڕازی لە سەر شۆستەی بەردەم بارەگای رێکخراوەکە مانەوە و لە سەر چالاکی هونەری و گفتوگۆی جدی و کۆکردنەوەی ئیمزا وپشتگیری بەردەوام بون، وەك چاوەڕوان دەکرا هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە ئیمزا و ئیمەیل و وتار و تەلەفۆن پشتگیریان لەم هەڵوێستەمانکرد و بە بایەخەوە کەوتنە لێدوان وتا ساتی نوسینی ئەم یاداشتە 323 ئیمزا کۆکراوەتەوە، لەگەڵ پشتگیری و ئیمزای شارەکانی "هەولێر و دهۆك" و شارۆچکەکانی ( هەڵەبجە و هەورامان و شارەزور پێنجوێن و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و کەلار). و پشتگیری سەرجەم هونەرمەندانی شاری کەرکوك کە بەسوپاسەوە هونەرمەندی گەورە "ناسر حەسەن" پێی ڕاگەیاندین .

ئەمە تەنها سەرەتای نارەزایی بوو :

1- برۆسەی ئیمزاکۆکردنەوە بەردەوامە.
2- ئەم نارەزاییە دەبەینە بەردەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم، سەرۆك کۆماری عێراق".
3- دروستکردنی هەر رێکخراوێکی تر لەلایەن ئێمەوە رەتدەکەینەوە و رێکخراوەکەشمان جێناهێڵین بۆ گەندەڵی.
4- گەندەڵییەکانی رێکخراوەکە بلاودەکەینەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی .
5- دەستدەکەین بە دارشتنی پرۆگرام و سیستمێکی مەدەنی هاوشانی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی رێکخراوی هونەری لە دونیادا.

رۆژی شەممەی داهاتوو" 9/30 " لەکۆبونەوەیەکی فراواندا پلان و کاری ئایندە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت .

لە کۆتایدا سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە پشتگیریان کردین و " کە بەردەوام لە زیاد بووندان "سوپاسیش بۆ برایانی پۆلیس و ئاسایش کە زۆر مەدەنیتر و شارستانیتر بوون لە برایانی ناو بارەگای "ی.ه.ك".

هونەرمەندانی ناڕازی

2006/9/28